
ئوردن زنجیرەیەك بەردومانی لەسوێدای سوریا ئەنجامدا



ئەمشەو پێنجشەممە دەنگی زنجیرەیەك تەقینەوە لادێكانی پارێزگای سوەیدایان لە باشوری سوریای هەژاند و دواتریش دەركەوت، هێرشی فڕۆكەی جەنگیەكانی هێزی ئاسمانی ئوردنە كە ژمارەیەك ئەندامی قاچاخچێتی مادەی هێشبەریان كردوەتە ئامانج.

بەگوێرەی سەرچاوەكان، "هێرشە ئاسمانیەكان كۆگەكان و شوێنەكانی دەوروبەری گوندەكانی (شەعب، ملح، كەفەر و عەناتا)یان لە لادێكانی باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای سوەیدا كردەتە ئامانج، كە ئەو ناوچانە بە چالاكی تێكەڵكانی قاچاخچێتی ماددەی هێشبەر و چەك بەرەو سنوری ئوردن ناسراون".

سەرچاوەكان ئاماژەیان بەوەشكردوە، "فڕۆكەی سیخوڕی بەسەر ناوچەكەدا فڕیوە پێش ئەوەی بەردومانەكان كۆگاكانی هەڵگرتنی ماددەی هێشبەر و حەشارگەكان بكەنە ئامانج كە لەلایەن گروپە قاچاخچییەكانەوە وەك خاڵی هەڵدانی ئێپەڕاسێنەكانیان بەكاردەهێنرێن".

سوپای ئوردن پێشتر لەناوبردنی ژمارەیەك لە بازرگانانی چەك و مادەی هێشبەر و لەناوبردنی كارگەكانیانی لە میانەی ئێپەڕاسێنەكانیان ڕاگەیاندبو، بە پشتبەستن بە زانیاریيە هەواڵگرییە دروستەكان و جەختی لەسەر بەردەوامیی هەوڵەكانی بۆ بەدەستهێنانی

هەڵەشەی ئەمنییەکان لە بەرەی باکوری وڵاتەکەیدا کردبووەوە.